# شێوە کولتوری ترس

سەرنووسەری ڕۆژنامەی هەولێر لە ژمارەی..... دا ئاماژەی بە بابەتێکی گرنگی کۆمەڵایەتی کردووە کە پێم وایە دەکرێ زۆر زیاتری لەسەر بڕۆین.

ترسی گشتی: ترسێک نە تەنیا لە جندۆکە و دێو و درنج، ترس لە ئەمڕۆ و سبەی، ترس لە ژیان، ترسی بوون و نەبوون، ترس لە نادیار و نەناسراوەکان، ترس لە ئەوانیتر، ترس لە خۆمان. ئەمە ئەوڕۆ لە دنیادا بووتە شێوە کولتورێک و یەکێک لە دڵپەڕۆشییەکانی زانایانی کۆمەڵناسی نەفسییە.

کێ دەترسێنێ؟ لەچی؟ بۆ؟ کێ دەترسێ، لەچی؟ بۆ؟

بێگومان ترس یەکێک لە هەستە سروشتییەکانە. هەموو کەسێک دەترسێ و بۆ رزگارکردنی خۆی لە مەترسی ئەم هەستەی هەیە. ئەم هەستە ئاگاداری دەکاتەوە و بەرەنگار دەبێ یان لێی هەڵدێ. هەر وەکوو ژان کە لە ناکۆکییەکی لەش ئاگادارمان دەکات. مرۆڤ هەموو کاتێک ئاواتی ئەوە بووە کە دنیایەکی بێ ترس و هەوڵ و هەرای هەبێ، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو کەرەسەی ئاسایشە کە پێکی هێناوە، بۆ وروژاندنی ئەو هەستەش وەکوو هەموو هەستەکانی دیکە، ئامرازی تایبەتی پێکهێناوە. هەر نەبێ، دەکرێ ئاماژە بەو هەموو فیلمە ترسناکانە بکەین کە لە کارگەکانی فیلمسازیدا چێ دەکرێن.

گرینگترین و بەسامترین کەرەسەکانی ئەم بووارە، دەزگاکانی راگەیاندنن کە هەموو هەواڵێکی ترسناک بە چەند چرکە دەخەنە بەردەستی ئێمە و کاریگەری لەسەرمان دەبێ.

دەڵێن هەواڵی شۆڕشی فەرانسە (١٧٨٩) دوو مانگ دوواتر گەیشتووەتە باکووری ئۆروپا. چاری وا هەبووە هەواڵی شەڕێک ئەوکات گەیشتووەتە جێگایەک کە شەڕەکە لە مێژ بووە کۆتایی هاتووە. ئەو ڕۆ لە ئەفریقا دزی دەکرێ خەڵک لە ئاسیا دەرکەی ماڵی خۆی قایم دەکا. یەک لەبەر ئەوە کە ترساوە، دوو دەزانێ دەزەکانی ئاسیاش گوێیان لێی بووە و رەنگە لاسایی بکەنەوە. وێنەی لە سێدارەدانی سەدام بڵاودەبێتەوە، سێ منداڵ بەو شێوە خۆیان لە دار دەدەن. چۆن باب و دایکەکان نەترسن؟ لە کوەیت شەڕ بوو لە ئێسکاندیناوی خەڵک ئارد و ڕۆن و برنجی دەخستە ماڵەوە. هەواڵەکە بەچرکە دەگات. دوو هەرزەکار ئەمشەو بەرۆکی ئافرەتێک دەگرن سبەی شەو شەقامەکان چۆڵە. ئەمە ئەو ترسەیە راگەیاندن بڵاوی دەکاتەوە و کەم و زۆرلە هەموو وولاتانی دنیادا هەیە و نێوی "شێوە کولتووری ترس"یان لێی ناوە.

چۆنیەتی ئەم ترسە گشتییە لە وولاتیکی وەکوو وەڵاتی ئێمەدا زۆر بەرچاوە. چوونکە ئەوەندە کە لەبیرمانە مەترسیمان لەسەر بووە، لێی ترساوین و بەرەنگاریشمان لەگەڵی کردووە.

راگەیاندن لەم وولاتەی ئێمەشدا ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر دەبێ و کاریگەری لەسەر دانیشتووانی زیاتر دەبێ. بەشێک لە کاریگەریەکەشی ترسان و ترساندنە.

چی دەمانترسێنێ؟ سەردێرەکان و هەواڵەکان و ئەوانەی کە کەڵک لە ترسەکەی ئێمە وەردەگرن. لەچی دەمانترسێنن؟ لە بەشخوراوی، لە نەبوونی ئاسایش، لە خۆیان. چوونکە ئەوانیش دەترسن.

بۆ؟ ئەگەر تەواشای فیلمە ترسناکەکان بکەین دەبینین بەشی هەرە زۆریان دەیانەوێ خەڵک بۆ دوورکەوتنەوە لەو شەیتانە ترسناکە، روو بکەنەوە کەلیساکان. (ئەم جۆرە فیلمانە بەتایبەت ئەودەم بوو بە باو کە کۆمەڵی کەلیساکان رووی لە کەمکردن نا. زۆربەشیان بە پارەی کەلیسا دروست دەکرێن).

مافیاکان هێزی خۆیان نیشان دەدەن. خەڵک بیەوێ و نەیەوێ دەبێ لێیان بترسێ و باجیان بداتێ.

دەوڵەتە زلهێزەکان ئەمری خۆیان دەسەپێنن و دەبێ ئەوانیتر مل کەچیان بن.

ئەوپەڕگرە ئایینییەکان هەر وەکوو فیلمە ترسناکەکان بەڵام نە لە فیلمدا، بەڵکوو لە نێو بازاڕدا بۆمب دەتەقێننەوە. هەتا خەڵک چاوترسێن بکەن. و....

هەرچۆنێک بێ یەک پرسیار دەمێنێتەوە: ئێمە بۆ دەترسین؟

ئێمە هەموو وەک یەک نین. هێندێکمان دەترسین و نایخەینە خۆمان. بەکورتی "دەزانین چۆن بترسین".

هێندێکیترمان خەرمانی لە زەوی دایە و بە دیتنی هەر ناوچاوگرژییەکی ئاسمان بیری با و بۆران و خەرمان ئاوبردن دەکاتەوە.

هێندێک نەزانی و بیدەسەڵاتی دەیانترسێنێ. هاسان نییە، ترسی ئەورۆ و سبەی وەک یەک نین.

بەشێکیش ناترسن چوونکە ناخوێننەوە و گوێشی نادەنێ. ژمارەی ئەمانە رۆژ بە رۆژ کەم دەبێتەوە.

کاردانەوەکانیش وەک یەک نین. ئەوەی دەزانێ چۆن بترسێ چارە بۆ ئاکامی ترسەکە دەبینێتەوە. لە رێککەوتنێک دەگەڕێ، مۆبایل بۆ منداڵەکەی دەکڕێ کە هەموو کاتێک ئاگای لێی بێ. دیواری ماڵەکەی بەرز دەکاتەوە و چاودێری بۆ دادەنێ...

ئەوەی خەرمانی لە زەویدایە: لە هەوڵی کۆکردنەوە و ئەنبار کردنیدایە. و نەزانەکەش کچەکەی دەکوژێ و ئابڕوی خۆی بە ئابڕوپاراستن دەبا.

ئێتر، ناشکرێ راگەیاندن داخەین، ناشکرێ چاو و گوێ خۆمان داخەین و لە کەوێڵی تەنیاییماندا بڵێین دنیا بە من چی! ناشکرێ نەترسێین ئەگەر هەموو بڕیاری نەترسان نەدەین.

**تەیفور بەهاری 2008**